

# دراوسێیەتی چاك

ئارام گوێی لێبوو دایک و باوکی وتووێژیان دەکرد:

+ باوک: دەبێ بە سەردان بچینە ماڵی هاوسێ تازەکەمان.

- دایک: بەڵێ پێویستە، چونکە دراوسێ مافی بە سەر دراوسێوە هەیە.

+ ڕاست دەکەی، پێویستە لەسەرمان هەواڵی هاوسێی خۆمان بپرسین. ئەگەر نەخۆش بوو بچینە لای، لە شین و شاییدا لە تەکیا بین و هەر یاریدەیەکی ویست پێشکەشی بکەین.

- هەتا لە ناو ماڵی خۆشماندا دەبێ ئاگامان لە دراوسێ بێت. نابێ بە دەنگ و هەرا و هاواری بڵند پەستیان بکەین و ئۆقرە و ئارامیان لێ هەڵبگرین.

+ ئێمە دەبێ حەول بدەین هەمیشە دراوسێیەکی چاک بین، هاوسێکانمان خۆش بوێت و بە جوانی و بە چاکی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەین و هەر وەکوو ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆمان ڕێزیان لێبگرین.

ئارام کە ئەم وتووێژە بە کەڵکەی بیست، بڕیاری دا ئەم جارەش ئەو شتانەی کە فێریان بۆت بۆ هاوڕێیانی قوتابخانەی خۆی بگێڕێتەوە، تا ئەوانیش لەم قسە و ئامۆژگاریە بە کەڵکانەی دایک و باوکی کەڵک وەربگرن و لە ژیاندا پێرەویان بکەن.


Copyright © Kurdi.fi



* ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان:

دراوسێ: هاوسێ، هاوماڵ، جیران

ئۆقرە و ئارامیان لێ هەڵگرین: پەست و بێزاریان بکەین، ئەزیەت و ئازاریان بدەین

پێڕەویان بکەین: لەسەریان بڕۆین، چاو لەوان بکەین

هەڵسووکەوت: ڕەفتار

---

* پرسیار:

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

1. ئەگەر جیرانەکەتان نەخۆش بوو چی دەکەیت؟ ....................................................

......................................................................................................................

2. بۆچی دەبێ حەول بدەین ماڵەکەمان ئارام و بێهەرا بێت؟ ....................................................

......................................................................................................................

3. ئارام دوای بیستنی وتووێژەکە چ بڕیارێکی دا؟ ....................................................

......................................................................................................................

---

* ڕاهێنان:

هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بەکار بهێنە:

خۆشەویستی ......................................................................................

سەربەستی ......................................................................................

ژیــان ......................................................................................

ئاوات ......................................................................................

---

* بە وشەی گونجاو شوێنە بەتاڵەکانی ناو ڕستەکان پڕکەوە:

1. ئارام گوێی لێبوو دایک و باوکی .............................................. دەکرد.
2. دەبێ سەردانی ماڵی .............................................. بکەین.
3. دەبێ هەواڵی دراوسێی خۆمان .............................................. .




Copyright © Kurdi.fi